# گرووپە ئاینییەکان و شەڕی تۆمەت

ئازاد عوسمان
azadosman@yahoo.se

بەوپێیەی سەروسەودایەکم لەگەڵ خوێندنەوەو حەزی زانین بەرامبەر بە گرووپ و دەستە جیاجیا ئاینیەکان و ئیسلامیەکان بە تایبەتی هەیە، بۆیە ئەوەی پێمبکرێ بەدواداچوون بۆ ئەو حەزە دەکەم و دەمەوێ شارەزایم تیایدا زیاتر بێت.

لەم رۆژانەدا و دوای ئەوەی کتێبێکم لەسەر ئیسماعیلیەکان خوێندەوە کە تیرە یان فیرقەیەکی ئاینیی شیعە مەزهەبن و خاوەنی هەندێك جیاوك و تایبەتمەندی خۆیانن، حەزم کرد بۆ زانینی هەندێك زانیاری دیکە، بەدواداچوونی دیکە ئەنجام بدەم. بۆ ئەم مەبەستەش بەناو ئینتەرنێت دا گەڕام و چەند سەرچاوەیەکی عەرەبیم دەستگیر بوو. سەرچاوەکان پێچەوانەی ئەو کتێبە بوون کە خوێندمەوە، چونکە کتێبەکە تارادەیەك بێلایەنانە باسی هەندێك رەهەندی مێژویی وفیکریی ئیسماعیلییەکانی کردبوو، بەڵام نووسینەکانی دیکە، بۆ دژایەتی ئیسماعیلیەکان و لەلایەن هەندێك نووسەری سوننە مەزهەب و سەلەفییەوە نووسرا بوون.

ئەمەی لەم بەدواداچوونەدا بەدیم کرد، حاڵەتێکی ئاساییەو بۆ هەرکەسێك بیەوێت لە بارەی فیرقەو گرووپە ئاینیەکانەوە شت بزانێت دێتە پێش، لێ ئەوەی زۆر سەرەنجی راکێشام، تۆمەتێك بوو کە نووسەرێکی سونی خستبوویە پاڵ ئیسماعیلیەکان و یادەوەرییەکی دیکەی لە بیرم دا تۆخ کردەوە.

بیرمە کە منداڵ بووین "بگرە تائێستاش"، بەوپێیەی لە شارەکەماندا کەمینەیەکی "کاکەیی" دەژین، وێڕایی سەلامەتیی و بێزیانی ئەو گرووپە ئاینیەو ئەندامەکانی، کەچی زۆر تۆمەتی ناشرین دەخرایە پاڵیان، لەو تۆمەتانەش، زۆرتر تۆمەتی ئەخلاقیی بوون بەوەی کە گوایە بێشەرم و ئابڕوون و مەراسیمی زینا و جووتبوونی بە کۆمەڵیان هەیە و تەنانەت دەست لە خوشك و دایکی خۆشیان دەوەشێنن!

ئەم تۆمەتانە، مامۆستا "هەورامانی" لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە کاکەییەکان باسی لێوەدەکات و بەپشت بەستن بەو ئەزمونەی کە خۆی لەناویاندا ژیاوە بۆ دەرکەوتووە درۆ و هەڵبەستەو لە ئەدەبیات و نووسراو و هۆنراوەو تەرانیمەکانیشیان دا هیچ شتێك نییە ئەوە ساغ بکاتەوە. بۆ خۆشمان بەهەمانشێوە شتی وامان لێ نەبینیون و خۆشیان شتی لەوشێوەیە رەد دەکەنەوە.

دێینەوە سەر بابەتی ئیسماعیلیی.لەو نووسینەدا، کاکی نووسەری سوننە، بەهەمانشێوە، تۆمەتی ئەوە دەداتە پاڵ ئیسماعیلیەکان کە کەسانی زیناکەر و بێرەوشتن و تەنانەت خوشکی خۆیان مارە دەکەن.

ئەم قسەیەش، بەدەردی ئەوەی بەرامبەر بە کاکەییەکان کران بێبنەماو درۆ بوون، لە چەند سەرچاوەیەکیشدا خوێندمەوە، ئەم گروپە ئاینییە رووبەرووی زۆر تۆمەتی ناڕەوا بوونەتەوە و زۆریان درۆ بۆ هەڵواسراوە، دیارە ئەوەش لە روانگەی دژایەتی و ناکۆکیی بەرژەوەندی سیاسیەوەیە.

ئەوەی لەم دوو نموونەوە وەکو دەرەنجام بەدەستم خست، ئەوەیە کە بەردەوام گرووپە ئاینییە باڵادەستەکان و لەهەنگاوێکدا بۆ قەتیسکردنی گرووپانی دیکەو بێزاندنیان، پەنا بۆ درۆ و هەڵبەستینی تۆمەت دەبەن، چونکە ئەگەر بە رێگای دیکە نەتوانن لەناویان ببەن، ئەوا لەرێگەی جەنگی دەنگۆ و تۆمەتەوە وایان لێدەکەن ببنە گرووپێکی ئابلۆقە دراو، گرووپێك کە بواری سەردەرهێنانیان نەبێت و دەبێت بەنهێنی مەراسیم و نەریتە ئاینیەکانیان ئەنجام بدەن و رۆژ دوای رۆژ، بچووك بوونەوەی خۆیان و گەورەبوونی بەرامبەریان ببینن.